# لێکۆڵینەوە یان چەواشەکردنی مێژوو ؟؟

**ناسر نەسیمی**
nassernasimi@hotmail.com

ماوەیەک لەمەوبەر لە سایتی ئاشتیدا نووسراوەیەکم بەرچاوکەوت ، لەژێر ناوی ( ڕێبازی کۆمەڵە لە تۆی بەڵگەکانیدا ) کە لە نووسینی ئەیوب ئەیوب زادەیە ، وادیارە بەڕێزی لە کتێبێکدا ئەم لێکۆڵینەوەیەی نووسیوەتەوە و بە شێوەی زنجیرە وتار لە سایتی هەڵوێست بڵاودەکرێتەوە ، لەم کتێبەدا کە تەنها دوو بەشی یەکەمی بڵاوکراوەتەوە، چاوپێخشاندنێکی بەسەر گۆڤاری پێشڕەودا کردووە ، کە ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران _ کۆمەڵەیە . هەرچەندە من تەنها دوو بەشی یەکەمی ئەم کتێبەم خوێندووەتەوە ، بەڵام بە ئەرکی خۆمم زانی تا ئەو جێگەیەی کە پێویستە تێڕوانین و میتۆدۆلۆژی نووسەر بەسەر نووسراوەکەیدا ڕوون بکەمەوە . لە ڕاستیدا ئەم وتارانە تەنها باس لە نووسراوەکانی پێشڕەو نەبوون کە کەوتبوونە بەر ڕەخنەی ناواقعی ئەم نووسەرە بەڕێزە ، بەڵکو هەر هەمووی ڕێبازی کۆمۆنیستی و ، چەپی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوون کە کەوتبوونە بەر هێرشی قەڵەمی نووسەر ، کە بە شێوەیەکی زۆر جانبدارانە نووسیوویەتی و هەوڵی نەفی دەوری سیاسەتی کۆمۆنیستی کۆمەڵە لە ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا ، و ڕۆڵ و نەخشێکی بە تەواوەتی نێگەتیڤیش بە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە دەدات لە بوارە جیاوازەکانی ئەو خەباتەی کە کۆمەڵە تێیدا دەوری بەرچاوی هەبووە . ئەمە یەکەم جار نییە کە بەم شێوەیە ڕێبازی سیاسی و دەوری کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەکەوێتە بەر هێرشی موخالیفانی ڕەوت و ڕێبازەکەی ، بێگومان دواجاریش نابێت. بەڵام لای من ئەوە سەیرە کە نووسەر وەکو لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیک و زانستی چاو لەم نووسراوەی خۆی دەکات . بە لای منەوە زۆر ئاساییە کە ڕێباز و خەباتی هەموو جەرەیاناتی سیاسی دەکەوێتە بەر چاودێری و ڕەخنەی کەسانی تر بۆ ئەوەی لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکان کەڵکیان لێ وەربگیرێت .

تەواوی مێژووی کۆمەڵە پڕە لە موجادەلاتی سیاسی و گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی بە سوود کە هەر لە پڕۆسەی تەکامولی خۆیدا کۆمەڵەی وەک ڕەوتێکی زیندووی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرەپێش بردووە . من لێرەدا هیچ حەساسییەتێکم نییە بەوەی کە ڕەخنە لە ڕێبازی کۆمەڵە گیراوە ، بەڵکو ئەم لێکۆڵینەوەیەی کە بە ناوی ( ڕێبازی کۆمەڵە لە تۆی بەڵگەکاندا ) کراوە هەوڵێکی ترە بۆ ئەوەی ڕێباز و ڕێگەی سیاسی کۆمەڵە وەک ڕەوتێکی ئاژاوەگێڕ و چەواشەکار نیشانبدرێت ، بەلای منەوە زۆر بۆ چوونێکی نادروست و غەیرە واقعییە ، و تەسویرێکی ناڕاست لە کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست بە کۆمەڵگە و نەوەی داهاتوو نیشاندەدات . بێگومان خوێنەری ئەو کتێبە دەبێت ئەو ڕاستییە بزانێت کە نووسەر لە ڕوانگەیەکی بێتەرەفانەوە ئەم لێکۆڵینەوەیەی نەکردووە ، بەڵکو چەواشەکارییەکی ئاشکرای پێوە دیارە . کەسانی ناو کۆمەڵە وەکو کەسانێکی دەمارگرژ نیشان دەدات بۆ نموونە دەڵێت، کە حاشا لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی دەکەن ، کۆمەڵێکی ئیرادەگەران ، پەیوەندنییەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کۆمەڵگە ناناسن و هیچ بەرنامەیەکیان بۆی نییە و ...هتد.

دیارە نووسەرێک کە نووسراوەکانی لەسەر ئەم فاکتەرە ناواقعییانە دابمەزرێنێت ، هەر لە ئێستاوە دەتوانین بڵێین کە ئاکامی لێکۆڵینەوەکەی دەبێت بەچی . لە ئاماژەی نووسەر بە کۆنگرەی دووی کۆمەڵە لە ژێر ناوی ( لێکۆڵینەوە لە نووسراوەکانی پێشڕەودا ) لە دەورە جۆرا و جۆرەکانی خەباتی سیاسی و نیزامی هەمەلایەنەی کۆمەڵە ، کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە بەوە تاوانباردەکات کە کۆنگرەیەکی ڕاست ئاژۆ بووە . لێرەدا ئەبێت ئەوە بڵێم کە بە پێچەوانەوە ، کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە بەسەر نارۆشنی تەحلیلاتی لەسەر کۆمەڵگەی ئێران و موناسەباتی نێوان چینە جیاوازەکانیدا زاڵ بوو و لێکدانەوەیەکی زانستی لەسەر ئەم بابەتە ئەنجامدا و

ڕێبازی کۆمەڵەی زۆر شەفافتر و ڕووناکتر کردەوە ، دەستکەوتەکانی ئەم کۆنگرەیە لە باری تیئۆریکەوە بوون بە بناغەیەکی پتەوتر بۆ درێژەپێدان بە خەباتی کۆمەڵە، چونکە بۆ جەرەیانێکی سیاسی ، گەر بخوازێت ببێت بە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی و جێگە و تەئسیری دیاربێت ، پێویستە پێش هەموو شتێک ئەو پەدیدەیەی کە دەیهەوێت بیگۆڕێت، پێشتر بیناسێت . کۆنگرەی دووهەم هەوڵیدا ئەم ئامانجە بەجێ بهێنێت و تەحلیلی خۆی لەسەر موناسەباتی ناو هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە بناسێت و تەعریفی بکات، وە لەسەر ئەم بنەمایە بناغەی کار و هەڵسووڕانی خۆی دابڕێژێت . ئەمە تەنها یەکێک لە دەستکەوتەکانی ئەم کۆنگرەیە بوو . نەک تەنها کۆنگرەیەکی ڕاستڕەو نەبوو وەکو نووسەر دەڵێت ، بەڵکو بوو بە بناغەیەیەک کە کۆمەڵەش زیاتر لە جاران بە شێوەیەکی واقعی تر چاو لە ڕەوتەکانی ناو کۆمەڵگە بکات و لە ڕوانگەی چەپەوە فاکتەرەکان و داخوازییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری لێک بداتەوە .

خاڵیکی تر کە نووسەر هەوڵی داوە لە سەر تاسەری نووسراوەکەیدا بیسەلمێنێت ئەوەیە کە کۆمەڵە حاشای لە مەسەلەی نەتەوایەتی کردووە ، ئەمەشیان زۆر ناواقعی و دوورە لە ڕاستییەوە ، چونکە کۆمەڵە بە درێژایی خەباتی خۆی دژ بە ستەمی نەتەوایەتی و کاریگەری ئەو ستەمە بووە و لە دوای هاتنە سەر کاری ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئێران یەکێک لە هەڵسووراوترین و دڵسۆزترین هێزە سیاسییەکانی گۆڕەپانی کوردستان بووە بۆ لە ناو بردنی ستەمی میللی . هەر لە سەرەتای هێرشی ڕژێم بۆ سەر خەڵکی کوردستان کۆمەڵە زۆر شیاوانە بۆ ڕێکخستنی خەبات و موقاوەمەتی خەڵکی کوردستان هەوڵی داوە و بێڕاڕایی لە بەرامبەر بەو پەلامارانە ڕاوەستاوە و خەباتی جەماوەری بۆ سازمان داوە . جا لێرەوە دیارە کە تێڕوانینی کۆمەڵە لەسەر چۆنییەتی حەللی مەسەلەی نەتەوەیی وەک لێکدانەوەکەی نووسەری بەڕێز نییە . هەر بۆیەیش جیاوازیی تێڕوانینی کۆمەڵە لەگەڵ ئەو هێزو کەسایەتیانەی کە پڕۆژەگەلی جیاوازیان هەیە بۆ چارەسەری ئەم مەسەلەیە، دەتوانرێت چەندین کتێب و لێکدانەوەی لەسەر بنووسرێت .

لە شوێنیکی تردا نووسەر باسی مافی تایبەتی کۆمەڵە لە ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دەکات ، کە هەر لێرەشدا بە پێی بۆ چوونی خۆی هەڵسەنگاندنی خۆی هەیە بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ، ئەمەیان جێگەی باسی من نییە هەموو کەسێک ئازادە چۆن لە پێک هاتە و ڕەوتی سیاسی هەر حیزبێک لێکدانەوەی خۆی هەبێت و ڕای خۆی بدات . بەڵام کاتێک کە باسەکەی دەچێتە سەر باسی ( مافی کۆمەڵە لە ناو حیزبی کۆمۆنیست)، نووسەری بەڕێز وەک سات و سەودایەکی پشت پەردەی دەزانێت ، وەک ئەوەی کە فێڵێک لە کۆمەڵە کرابێت و ڕێبەران و ئەندامانی ئەو کاتەی کۆمەڵە کە لە کۆنگرەی دامەزرینەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بەشدار بوون ، بە ساویلکە لە قەڵەم دەدات کە گوایە کڵاویان لەسەر نراوە . بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی نووسەر ، ئەو مافە تایبەتیەی کە کۆمەڵە هەیبوو بۆ ئەوەی بتوانێت سیاسەتەکانی خۆی دابڕێژێت لە پەیوەند بە لایەنە جۆرا و جۆرەکانی بزووتنەوەی جەماوەری لە کوردستاندا و بەستنی کۆنگرە و هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە ، و تەواوی ئەو مافانە مەودای ئەوەی دا کە کۆمەڵە بتوانێت بە دەست ئاواڵەتر سیاسەتەکانی خۆی دابڕێژێت . ئەم مافە خۆی لە خۆیدا نیشانەی دیموکراسییەت و بڕوا بە خۆبوون بوو کە هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ سەنترالیزمی دیموکراتیکی حیزبی لینینیدا نەبوو . چۆن بوو کە نووسەر دڵی کەوتە ژان بۆ حیزبی لینینی و پێیوایە ئەم مافە تایبەتییەی کۆمەڵە لەگەڵ حیزبی لینینی ناگونجێت . بێگومان ئەگەر کۆمەڵە ئەم مافەی نەبوایە هەر ئەو جۆرە نووسەرانە بە شێوەیەکی تر ڕەخنەیان دەگرت . بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە بە ڕەزامەندی هەموو ئەندامانی بەشدار بوو لە کۆنگرەی دامەزرێنەردا پێک هاتبوو، پێویستی بە پیلان گێڕان و سات و سەودا نەبوو . ئەوە ڕاستە کە ئێستا بیست و چوار ساڵ بەسەر کۆنگرەی دامەزرێنەردا تێپەڕیوە ، بەڵام بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم کۆنگرەیە دەبیت ئەوە لە بەر چاو بگیرێت کە لەوهەل و مەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی ئەو کاتەی ئێراندا کە ئەم کۆنگرەیەی تیدا بەسترا و کۆمەڵێک ئینسانی کۆمۆنیست لە ئێران وکوردستاندا ئەم حیزبەیان دامەزراند ، ئەم مافانە بۆ کۆمەڵە بە ڕەسمییە ت ناسران . ئێستا بە

درێژایی ئەم بیست و چوار ساڵە ئاڵ و گۆڕێکی زۆر بەسەر ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دنیادا هاتووە ، دیواری بەرلین ڕووخێنرا ، جوگرافیای سیاسی ئاڵ و گۆڕی بەسەردا هات . حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش نەیتوانی لەم ئاڵ و گۆڕانانەدا بێبەشبێت بەڵکو بە پێچەوانەوە گۆڕانێکی زۆریشی بەسەردا هاتووە . لەوانە ئەو ئینشیعابانەی کە لە ناو ئەم حیزبەدا ڕوویاندا ، کە هەر کام هۆکاری خۆی هەبوو ، لێرەدا ئێمە ناچینە ناو ئەو باسانە ، بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەر هەر کەسێک کە ئێستاشی لە گەڵدا بێت لەناو حیزبی کۆمۆنیستدا نەمابێت کاتیک ، کە چاو لەم نووسراوەی بەڕێز ئەیوب زادە دەکات ئەزانێت کە سەرنجەکانی لەسەر ئەو ڕووداوە جیاوازانەی کە کۆمەڵە تێیدا بەشدار بووە چەندە ناواقعین .

( باس لە سێکوچکە ) ، نووسەر لەم بەشەدا زۆر بە شێوازێکی غەیرە سیاسی ، بە ئەدەبییاتێکی ئاست نزم باسی سێکوچکەی بناغەی حیزبی کۆمۆنیست دەکات بۆ نموونە دەڵێت ( سێکوچکەی فەلسەفەی ئابووری و نیزامی کۆمەڵایەتی بێژوەیی ئالان ، فەلسەفەی ئابووری ئەستێرەکانی بەهمەنی قوبادی ، بنەمای فەلسەفی حەمە تاڵی بانە و تفەنگە بڕنەوەکەی سلێمان بەگ دامەزراوە ) . جا خوێنەری ئازیز خۆت سەرنجی ئاست نزمی ئەم لێکۆڵینەوە ئەکادیمییە بدە ، کە چۆن و بە چی شێوەیەک دەیهەوێت دەست بە تەحقیر و کەمزانینی حیزبی کۆمۆنیست بدات !!

باسی بێژوەی ئالان سەردەشت دەکات کە لەو ناوچەیەدا حیزب دروست بوو . بەڵێ ڕاستە کە حیزب لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستاندا دروست بوو ، بەڵام بە بێ ئاوڕدانەوە بۆ هەل و مەرجی سیاسی و نیزامی ئەو کاتە لە ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی ، ناتوانین لە ڕاسییەکان بدوێین ، کاتێک کە کۆماری ئیسلامی هەر هێز و جەرەیانێکی سیاسی و پێشکەوتووخوازی دایە بەر هێرش و پەلاماری دڕندانەی خۆی و کونجی زیندانەکان پڕ بوون لە ئینسانە کۆمۆنیست و ئازادیخوازەکان . ڕژێم کەوتە تێکدان و ڕاماڵینی هەمووان ، بە سیاسەتی شەلم کوێرم ناپارێزم دەچووە پێش ، بێگومان یەکگرتنی بەشێک لە کۆمۆنیستەکان و دامەزراندنی ئاوەها حیزبێک کارێکی زۆر سوودمەند و پڕ بایەخ بوو ، ئیتر ئەوە گرینگ نەبوو کە ئەو حیزبە لە کوێ دروست بوو ، بەڵکو گرینگ ئەوە بوو کە چی سیاسەتێک وچی ڕێبازێک بەکاردەهێنرێت بۆ بەرەنگاربوونەوە لە بەردەم سیاسەتەکانی جمهوری ئیسلامیدا لە هەموو عەرسەکاندا ، و چی ستراتیژێک داڕێژرا بۆ درێژە پێدانی هەڵسووڕان و فەعالییەتەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست . هەروەها ئەم حیزبە لە باسەکانیدا جیاوازی ڕێباز و سیاسەتی خۆی لەگەڵ هەموو جەرەیاناتی بە ناو چەپی لایەنگری ( ڕووسی ، چینی ، ئالبانی ... هتد ) دەستنیشانکرد .

نووسەر باسی حەمە تاڵی بانە و تفەنگی بڕنەوی سلێمان بەگ دەکات ، وادیارە ئەم کەسایەتییانە هەر هێشتا بۆ جەنابی نووسەر وەک ئۆلگویەک ماون و بوونە بە پێوەر بۆ هەڵسانگاندنەکانی ، لەوە دەچێ بەڕێزی هێشتا هەر شوێن کەوتووی ئەو بیرۆکە کۆنەخوازانەیە و هەر ئەوانە هێمای ڕێبازەکەین بۆیەش کۆمەڵە و نەشرییەی پێشڕەو بەو پێوەرە هەڵدەسەنگێنێت .

لە سەرنجێکی تردا نووسەر سیاسەتی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا بە چەواشەکاری ناو دەبات ، لە کاتێکدا کە کۆمەڵە ئەرکی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی لە بوارە جیاوازەکانی خەباتدا گرتبووە ئەستۆ ، بۆ نموونە پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردەواری پێک هاتووە لە چینی جۆرا و جۆر لەوانە دوو چینی سەرەکی کرێکار و سەرمایەدار ، هەر کام لەو چینانە بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیان هەیە ، وەسیلە و شێوازی تایبەتیان هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ، هەر بەو جۆرەش سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی لە ڕوانگەی چین و توێژە نەدارەکانی کوردستان و ئاشکراکردنی ئامانج و بەرژەوەندی چینی دارا و دەوڵەمەندەکان ، ئاشکراکردنی سات و سەودای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ جمهوری ئیسلامیدا لە هەل و مەرجە جیا جیاکاندا . من لێرەدا ڕووی پرسیارم دەکەم لە خوێنەری ئازیز و ئەو بەڕێزانەی کە شاهیدی ئەو مێژووەن کە ویژدانیان داوەر بێت ، ئایا ئەم کارانەی کە کۆمەڵە ئەنجامی

دەدا و نەشرییەی( پێشڕەو) بڵاوی دەکردەوە ، چەواشەکاری بوون ؟؟؟ یان ئەمەی کە بەڕێز ئاغای ئەیوب زادە لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکەیدا نووسیویەتی و مێژوو بە ئاوەژوو کراوەیی تۆمار دەکات و دەیداتە دەستی نەوەی داهاتوو ، چەواشەکارییە ؟؟ .

لەم لێکۆڵینەوەیەدا کە باس دەچێتە سەر چینی کرێکار لە کوردستاندا ، نووسەر ڕەخنە لە تێڕوانینەکانی کۆمەڵە دەگرێت کە گوایە تیئۆرییەکانی کۆمەڵە بۆ کۆمەڵگەی کوردستان نامۆن و، کۆمەڵە بایەخ بە مەسەلەی ئابووری کرێکاران دەدات لە کاتێکدا کە باری ڕووحی و فەرهەنگی و نەتەوەیی جەماوەری کوردستان پشت گوێ دەخات!! دیارە ئەم ڕەخنەیەش بۆ من نامۆ نییە ، چونکە کۆمەڵە و بڵاوکراوەکانی چەندین جاری تریش کەوتوونەتە بەر ئەم جۆرە هێرشە ، بەڵام باسکردن لە وجودی کرێکار و زەحمەتکێش و بڵاوکردنەوەی خەبات و موبارەزەی کرێکاری لە هەموو بوارەکاندا و هەوڵدان بۆ ڕێکخستن و هوشیارکردنەوەیان ، یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی کۆمەڵە ( پێشڕەو )بووە. بوونی خەباتی چینایەتی لە کوردستاندا وەک کۆمەڵێکی سەرمایەداری ، حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگرە ، چەسپاندن بەو چینە و باسی خەباتیان و ڕێکخستنیان ، یەکێک لە فەلسەفەی بوونی کۆمەڵە بووە ، شان بە شانی باسی وەزعی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ژیانی کرێکار و زەحمەتکێشان لە کوردستاندا ، کاریگەری و شوێنەواری ستەمی نەتەوایەتی کە لە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ناوەندی ئێران بە سەر کرێکار وزەحمەتکێشدا هاتووە ئەرکێکی سەرەکی ( پێشڕەو) بووە . چونکە لای هەمووومان ڕوونە کە ستەمی نەتەوایەتی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر باری ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم چینە زۆرتر داناوە و ئاسەواری ڕوحی خۆی هەیە ، بەڵام گومانی تێدا نییە کە ئەم کاریگەرییە لەسەر چینی دەوڵەمەند و سەرمایەدار بەو شێوەیە نییە ، چونکە ئەوان زۆر بە ئاسانی خۆیان لە بازنەی بەرهەم هێنانی سەروەت دەبیننەوە و کۆسپەکانی ئەوان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی بۆ بەدەستهێنانی بازاڕی زۆرتر و شەریکەبەشییە لە چەوساندنەوەی کرێکاراندا نەک کێشەی نەتەوەیی !! یان نووسەر دەڵێت تیئۆرییەکانی (پێشڕەو) بۆ کوردستان نامۆن ، ئەوەش ڕاست نییە ، چونکە پێداگرتن لە داخوازی بەرهەق و ڕەوای چینی کرێکار و زەحمەتکێش لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ، بۆچی دەبێت نامۆ بێت ؟؟ باسکردن لە ڕەنج و زەحمەتی خانەوادەی کرێکارانی کوورەخانەکان ، باسکردن لە ژیانی منداڵانیان ، باسکردن لە کرێکارانی فەسڵی ، باسکردن لە ژیانی مەمرە و مەژی ئەو خەڵکە زەحمەتکێشە بۆ دەبێت نامۆ بێت؟؟ کاکی نووسەر ، ئەوە بەڕێزتانن کە بە ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان نامۆن و پێتان وایە کۆمەڵە لە بڵاوکراوەکانیدا ژیانی کرێکار وەک جەهەنەمێک نیشان دەدات . هەر ئەمڕۆ و لەم سەردەمەدا ، سەرمایەداری ژیانی کۆمەڵگەی بەشەری کردووە بە دۆزەخ ، کە کوردستانیش بێبەش نییە لێی ، باسکردن لەو جەهەنەمە و دەرخستنی لایەنە جۆرا و جۆرەکانی ئەرکی پێشڕەو بووە و هەیە ، دیارە جەنابت زۆر تووڕەی لە نووسراوەکانی کۆمەڵە کە هەوڵی داوە بە پێی توانا و پێویست ڕواڵەتی دزێوی ئەو سیستەمە ئیفشا بکات .

بەشێکی گرینگی نووسراوەکەی بەڕێز ئەیوب زادە ئاماژە کردنە بە ڕۆڵی ( پێشڕەو) لە شەڕی نێوان حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە ، کە بە ڕۆڵێکی شەڕخواز تاوانباری دەکات. لێرەشدا زۆر بە زەقی و بە ئاشکرا سامپاتی خۆی بۆ لایەنێک نیشان دەدات و نووکی قەڵەمەکی بۆ ئەرزیابی لەو شەڕە بەلایەکدا دەچەرخێنێت ، بۆیە باسەکەی ناتوانێت لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی بێت چونکە جانبدارە . منیش بەش بە حاڵی خۆم هاونەزەرم لەسەر ئاسەواری ناڵەبار وماڵوێرانی شەڕی ناوخۆی ئەحزابی سیاسی و کەڵک وەرگرتنی دوژمنانی هاوبەش لەو ناکۆکییانەدا ، بەڵام کاتێک کە باس لەسەر گێڕانەوەی مێژوو و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکان دەکەین ، زۆر پێویستە کە بە هەڵوێستێکی بەرپرسانە و بە ویژدانەوە لێی بڕوانین و تۆماری بکەین . بەڵام دیارە من ئەو چاوەڕوانییەم لەم نووسراوەیە و بەشەکانی داهاتوویشی نییە ، چونکە نووسەر هەر لە دوو بەشی یەکەمەوە و ڕاست و ڕەوان دەیەوێت کۆمەڵە وبڵاوکراوەکانی تاوانبار نیشان بدات .

بەڕێز ئەیوب زادە ، کاتێک کە لەسەر شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات باس دەکەیت ، دەست بۆ

کارێکی ئاوها گرینگ دەبەیت ، پێویستە هۆکارەکانی بە باشی لێک بدەیتەوە و بە شێوەیەکی لۆژیکانە لە مەسەلەکە بڕوانی ، هەروەها هەموو لایەنەکان و بنەماکانی شەڕەکە باس بکەیت . مەبەستی من لێرەدا ئەوە نییە پاساو بهێنرێتەوە ، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە خوێنەر و نەوەکانی داهاتوو چەواشە نەبن ، پێویستە ئەم شەڕانە بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان هۆکارەکانی ڕوون بکرێتەوە و لێکدانەوەی سیاسی بۆ بکرێت و بە شێوەیەکی هەمەلایەنە بخرێتە بەر چاو . ئێوە کاتیک کە تەنها و تەنها باس لە نووسراوەکانی ( پێشڕەو) دەکەن ، ئەی بۆ باسی تێڕوانین و هەڵس و کەوتی حیزبی دیموکرات وەک لایەنیک لە کێشەکەدا ناکەن ؟؟ ئاخر کەمێک زەحمەت بە خۆت بدە و بەلای کەمەوە نووسراوەکانی ئەوانیش بە وردی چاو لێبکە . باشە پێوانەی ئێوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو شەڕەی کە بەسەر کۆمەڵەدا سەپێنرا چییە ؟؟ کاتێک کە ئێوە هەر پێتان وایە تیئۆرییەکانی(پێشڕەو) ئاگری شەڕی خۆش دەکرد . پێم وایە گەر کەمێک چاویلکە تەنگەکەت لەبەر چاو لا بدەیت ، وە بە شێوەیەکی سرۆشتی لە ئەسڵی ڕووداوەکان بکۆڵیتەوە ، شایەد تۆزێک لە ڕاستییەکان نزیک ببیتەوە و کارەکانی داهاتووتان لەسەر ئەم بابەتە گرینگە وەک نووسەرێکی واقیعبین بێت .
لە کۆتاییدا ئەوەی بۆ من زۆر ئاشکرا و ڕوونە ئەوەیە کە ، ئێوە دەتانەوێت سیمایەکی غەیرە واقیعی لە مێژووی کۆمەڵە ، نیشانی خوێنەر بدەن و مێژووی جەرەیانی چەپ و کۆمۆنیست بە شێوەیەکی چەواشەکارانە لە ناو بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان نیشان بدەن . هەروەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد هەموو کەسێک ئازادە ڕاو و نەزەری خۆی لەسەر ڕووداوە جۆرا وجۆرەکانی ناو کۆمەڵگە باس بکات و بنووسێت ، بەڵام ئەم نووسەرە بەڕێزەی ئێمە تەسمیمی ئەوەیە کە سیمایەکی ناواقعی لە ڕۆڵ و نەخشی کۆمەڵە لە کوردستاندا بداتە دەستەوە و، کاریگەری سیاسەتی کۆمەڵە کە لە ڕاستیدا مۆری خۆی داوە بەسەر هەموو ئەو ڕووداوانەوە و دەوری تێدا بینیوە ، بە شێوەیەکی ئاوەژوو باس بکات .

ستۆکهۆڵم
2007/7/11

**تێبینی /**
بۆ بینینی بابەتەکەی ئەیوب ئەیوب زادە کلیکی ئەم لینکە بکە :

http://www.ashti.nu/juli07/07-07-06a.htm